# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

## کۆنستراکتیڤیزمConstructivism

لەو وانەیەدا، هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بدرێتەوە: چۆن کۆنستراکتیڤیزم دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتنی ئاسایش؟. لە سەرەتادا، هەوڵدراوە پێناسەی کۆنستراکتیڤیزم و مێژووی سەرهەڵدانی بە کورتی بکرێت. بنەما جەوهەرییەکانی کۆنستراکتیڤیزم بریتین لە دروستبوونی کۆمەڵایەتییانەی ئاسایش. لە روانگەی کۆنستراکتیڤیزم ناسنامە بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرێک دیاری دەکات و هەروەها نۆرمەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر چۆنیەتی شێوە و پیادەی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکان دەبێت. ئەو بنەمایانەی کۆنستراکتیڤیستەکان لەڕاستیدا رەخنەی گەورە بوون لەسەر تیۆرە باوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. لە دەرەنجامی ئەو باسەدا، هەوڵدراوە روون بکرێتەوە کۆنستراکتیڤیزم میتۆدێکە نەوەک تیۆر؛ ئامانجی سەرەکی پێناسەکردن و خوێندنەوەی چۆنیەتی پەیدابوونی بەرژوەندییە نەتەوەییەکان و ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکانە. لە گەورەترن ئەو رەخنانەی رووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە کۆنستراکتیڤیزم ناتوانێت پێشبینی داهاتوو بکات، لەبەر ئەوە نەبووەتە جێگەی بایەخێکی زۆری ستراتیژیستەکان، ئەو رەخنەیەش خراوەتە ڕوو.

### پێشەکی: مێژووی سەرهەڵدانی کۆنستراکتیڤیزم

'ئەگەر مەبەستی کاری ریالیستەکان بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بێت، ئەوا بۆ کۆنستراکتیڤیستەکان مەبەستی سەرەکی بریتییە لە پێناسەکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان' (چێکل، ٢٠٠٨: ٧٥).

سروشت و بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەکو دیسیپلینێکی ئەکادیمی لە کاتی سەرهەڵدانییەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە رووبەڕووی مشتومڕی گەورە بۆتەوە، زۆرجار ئەم مشتومڕانە وەکو 'چوار مشتومڕە گەورەکە' لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەناسرێن. مشتومڕی یەکەم، گوتویێژی نێوان 'ئایدیالیستەکان' و 'ریالیستەکان' بوو لە تەواوی ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە و دەیەیەکیش دوای جەنگی دووەمی جیهانی. ئایدیالیستەکان باوەڕیان بە هەماهەنگی، ئاشتی و ئاسایشی جیهانی هەبوو، لەبەرامبەردا، ریالیستەکان جەختیان لەسەر سیاسەتی هێز دەکردەوە. مشتومڕی دووەم، گوتویێژی نێوان 'رەفتارگەراکان' و 'نەرێتپارێزەکان' بوو لەسەر ئەگەری دۆزینەوەی رێسا و یاسای بابەتەکی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. لەماوەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دوو گوتویێژی گەورەی دیکە بووە جێگەی بایەخی شارەزاکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. سێیەم مشتومڕ لە نێوان 'نیوریالیستەکان' و 'نیولیبراڵەکان' بوو، هەردووکیان هەوڵی جێبەجێکردنی لۆژیکی تیۆری راشناڵیستی ئابوورییان دەدا لەسەر لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، بەڵام هەردووک تیۆر گەیشتنە دەرەنجامی تەواو پێچەوانەی یەکدی. دواترین مشتومڕ لە نێوان راشنالیستەکان rationalists و 'تیۆریزانە

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

ڕەخنەییەکان critical theorists 'بوو. دەرەنجامی ئەو گوتوبێژە دەرکەوتنی 'کۆنستراکتیڤیزم' بوو. تیۆریزانە ڕەخنەییەکان گریمانە ئیبیستمۆلۆجی، تیۆری، ئۆنتۆلۆجی و پێوەرەکییەکانی (normative) نیوریالیزم و نیولیبرالیزمییان خستە ژێر پرسیاری جددییەوە، لەبەرامبەردا راشنالیستەکان ڕەخنەیان لە تیۆریزانە ڕەخنەییەکان دەگرت بەوەی کە ناتوانن هیچ بنەمایەکی زانستی لەسەر جیهانی ڕاستەقینەی (real world) پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پێشکەش بکەن.

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، دوو مشتومڕی نوێ جێگەی ئەو دوو گوتوبێژەی دواینی گرتەوە: یەکەمیان لە نێوان ڕاشنالیستەکان و کۆنستراکتیڤیستەکان بوو، هەروەها مشتومڕی دیکە لە نێوان کۆنستراکتیڤیستەکان و تیۆریزانە ڕەخنەییەکان بوو. ئاکامی ئەو مشتومڕە نوێیانە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازێکی نوێ لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ڕێبازێک توانی ڕووبەڕووی تیۆری ڕاشنالیستی و پۆزەتیڤیستی نیولیبرالیزم و نیوریالیزم ببێتەوە؛ ئەو ڕێبازەش بریتی بوو لە کۆنستراکتیڤیزم (ریۆز-سمیت، ٢٠٠٥: ١٨٨).

خۆ لادان لە ڕۆڵی بابەتە پێوەرەکییەکان (normative) لە جیهانی سیاسەتدا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕەفتارگەرایی و پابەندبوونی ئەو ڕیبازە بە پۆلینکردن و پێوان (measurement)، بەتایبەت لە دوای ڕوداوەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە. بابەتە هزری و پێوەرەکییەکان بە تایبەتی لە پەیوەندییدا بە بابەتێکی وەکوو ئاسایش بە شێوەیەک دەرکەوتن کە زۆر زەحمەت بێت بۆ پێوان و بتواندرێت بە زانستی بکرێت، لەبەرئەوە هەوڵی خۆ لێ لادانیان دەدرا. ئەو مەیلە گەیشتە لوتکە لەگەڵ دەرکەوتنی زانا سیاسییەکانی کاریگەر بە میتۆدە ئابوورییەکان لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە (فاینەرمۆر و سیکینیک، ١٩٩٨: ٨٨٩-٨٩٠). لەبەرامبەردا، سەرهەڵدانی کۆنستراکتیڤیزم مۆزدەی دەست پێکردن و گرینگی پێدان بە ڕۆڵی بابەتە پێوەرەکییەکانی دا، وە گەڕانەوە بۆ فۆرمە سۆشیۆلۆجی و مێژووییەکانی ئاسایش. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کۆنستراکتیڤیزم ببێتە شێوازێکی نوێی تێگەیشتن لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش.

## کۆنستراکتیڤیزم

کۆنستراکتیڤیزم ئەندامێکی خێزانی تیۆری ڕەخنەییە critical theory ، بەڵام تیۆر نییە. بریتییە لە ڕێگایەکی پشتبەستوو بە تیۆر بۆ خوێندنی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، سەرچاوەی گرتووە لە بیرۆکەی دروستبوونی کۆمەڵایەتییانەی جیهان، لە ڕێگای کارلێکی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی (وەکوو نۆڕمەکان، ڕێساکان، ئایدیاکان، باوەڕەکان و بەها هاوبەشەکان) نێوان زەینییەکان(intersubjective) ، تیایدا هەردووک بونیاد-پێکهاتەو بکەرەکان بەیەکەوە گرێدراون؛ هەروەها فاکتەرە هزرییەکانی وەکوو ئایدیا و نۆڕمەکان، فاکتەری سەرەکین لە دروستکردنی بزۆزییەکانی جیهانی سیاسەت (ئەگیوس ٢٠١٣: ٥٣). خاڵی بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە بۆ یەکەم جار ئاسایش وەکوو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیانە و بەرهەمی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوبەریانەکان دەبینرێت (ڤایۆتی و کاوپی، ٢٠١٠: ٢٨٠). لە کتێبە ناوازەکەیدا، جیهانی دروستکراوی ئێمە، نیکۆلاس ئۆنوف بۆ یەکەم جار لە ساڵی

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

(١٩٨٩) زاراوەی کۆنستراکتیڤیزمی بەکارهێنا. ئۆنوف پێیوابوو وڵاتانیش وەکو تاکەکانن لە 'جیهانێکی دروستکراوی خۆمان'دا دەژین. کۆنستراکتیڤیزم دەکرێت وەکو روانینێک و رێگایەک بناسرێت تیایدا 'جیهانی مادی جیهانێکە زادەی کارلێک و رەفتارەکانی مرۆڤە، وە دەوەستێتە سەر داینامیکی پێوەرەکی و تەفسیرە ئیپیستمۆلۆجییەکانی جیهانی ماددییەوە' (ئادلەر، ١٩٩٧: ٣٣٢).

گوتوبێژی گەورە لە نێوان کۆنستراکتیڤیستەکاندا هەیە، کۆنستراکتیڤیستەکان پێناسە و چەمکی جیاواز لەسەر پرسە جیاوازەکان بەکاردەهێنن. زۆرجار ئەم جیاوازیانە دابەشدەکرێن بۆ کۆنستراکتیڤیزمی تەقلیدی (conventional constructivism) و کۆنستراکتیڤیزمی رەخنەیی (critical constructivism). کۆنستراکتیڤیزم تەقلیدی زیاتر نزیکترە لە تیۆرە تەقلیدییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەکوو ریالیزم و لیبرالیزم بە تایبەت لە بیرۆکەی ئەگەری وێناکردنی جیهانی دەرەوە بە شێوەیەکی بابەتەکی، بەڵام کۆنستراکتیڤیزمی رەخنەیی رەتی ئەمە دەکاتەوە و گرینگیی بە فۆرمەکانی نوێنەرایەتیکردن لە دروستکردنی 'جیهانی داکەوتە' دەدات (ماکدۆناڵد، ٢٠١٣: ٦٦). دابەشبوونەکانی نێوان کۆنستراکتیڤیستەکان زۆرجار بە شێوەی تریش باسی لێوە دەکرێت، ریوز-سمیت (٢٠٠٥: ١٩٦) دابەشیان دەکات بۆ کۆنستراکتیڤیستە مۆدێرنەکان modern constructivists)) کۆنستراکتیڤیستە پۆست-مۆدێرنەکان .( post-modernist constructivists) جۆن رۆگی (١٩٩٩) باس لە جۆرێکی دیکە لە کاتیگۆری دەکات کە ئەلێکساندەر وێندیش دەخاتە نێو ئەم کاتیگۆرییەوە ئەویش .(naturalistic constructivsm)

هەندێک سەیری کۆنستراکتیڤیزم دەکەن وەکوو رێگایەکی ناوەڕاست لە نێوان رێبازە تەفسیرییەکان (interpretivism) وەکوو پۆست-مۆدێرنیزم، پۆست-ستراکچەرالیزم، تیۆری رەخنەیی، هەروەها لەگەڵ رێبازە راشنالیستییەکانی وەکوو ریالیزم و لیبرالیزم (ئادلەر، ١٩٩٧)، لە نێوان تیۆری رەخنەیی و تیۆری راشنالیزم (رێوس-سمیت، ٢٠٠٩). کۆنستراکتیڤیزم لەو کات بەدواوە دەریخستووە توانایەکی زۆری هەیە بۆ لەخۆگرتنی هەر رێبازێک کە گرینگیی بە ئیپیستیمۆلۆجی دەدات زیاتر لە تیۆری، ناسنامە زیاتر لە بەرژەوەندی، رێژەگەری زیاتر لە رەهایی و راشنالیستی، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە داتا و بەڵگە ئەزموونگەرانەییەکان (دێریان، ٢٠٠٠: ٧٨١).

'لەو شوێنەی راشنالیستەکان ئاسایشیان کوورت کردەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵات، وە لێککارییە کۆمەڵایەتی و ستراتیژییەکان بۆ بەرژەوەندییەکانی هێز، وە پیادەی هونەری سیاسەت بۆ شتێک تەنها مەبەستی زیادکردنی قازانجەکان بێت، کۆنستراکتیڤیستەکان دووبارە سەیری رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیان کردەوە وەکوو بابەتێکی سەرەکی، دووبارە مێژوویان ناساندەوە وەکوو بوارێک بۆ لێکۆڵینەوە و گەڕانی ئەزموونی' (وێندت، ١٩٩٥: ٧٩ ( .

کۆنستراکیڤیزم بە گشتی رەتی میتاتیۆری (metatheory) و بنەما تیۆرییەکانی راشنالیزم دەکەن لە تیۆریزەکردنی ئاسایشدا، هەڵدەستێت بە کێشەرێژکردنی (problematize) ناسنامەکانی ئەکتەرەکان، بەرژەوەندیی و داخوازییەکانیان کە راشنالیزم وەکو هەقیقەتێکی

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

نەگۆڕ وەریگرتوون (پارسۆنس، ٢٠١٠: ٨١). کۆنستراکتیڤیزم گفت و گۆی ئەوە دەکات مەیل و بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرەکان چۆن کۆمەڵایەتییانە دروستبوونە ئاواش شایەنی گۆڕانی کۆمەڵایەتین. لە جێگەی پێشکەش کردنی سەرەتا خاڵێک وەکو هەقیقەتێکی نەگۆڕ بۆ شیکردنەوەی لێککارییە نێونەتەوەییەکان، کۆنستراکتیڤیزم باوەڕی وایە ناسنامە و بەرژەوەندییەکان وڵاتان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا وەکو بابەتێک دەبێت لە چوارچێوەی بونیاد-پێکهاتەو لێککارییە کۆمەڵایەتییەکان روون بکرێنەوە (فاینەرمۆر، ١٩٩٦: ٢٩-٣٠، فرانک، ١٩٩٨: ٢١٠).

ئاسایش چی دەگەیەنێت بۆ وڵات، وە چی شتێک هەڕەشە دروست دەکات لەسەر ئاسایش، هەروەها چۆن وڵات دەکرێت بە باشترین شێوە ئاسایشی خۆی پارێزراو بکات لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، هەموو ئەوانە فاکتەرانێکی مەرجدارن، نەوەک بوارێکی بابەتەکی (کاهل، ١٩٩٨). ئەوە لێرەدایە ناسنامەی وڵات، هەروەها ناسنامەی لێتێگەیشتراوی وڵاتانی دیکە رۆڵێکی گەورە دەبینن لە دەستنیشان کردنی هەڵس و کەوت و کرداری وڵات. زیاتر لەمە، کۆنستراکتیڤیستەکان رەتی گریمانە خۆویستییەکان و ئینسترۆمێنتالیزم ( instrumentalismبابەتێکی فەلسەفییە پێیوایە راستی هەر ئایدیایەک بەندە بەوەی تاچەند ئەو ئایدیایە کارا و سەرکەوتووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانە) دەکاتەوە، پێیانوایە ئەکتەرە نێونەتەوەییەکان لە بڕیارەکانیاندا دەکەونە ژێر کاریگەری بەها و نۆرمەکان و ئەو بڕیارانە دەدەن کە یەک دەگرێتەوە یا زیاتر گونجاوترە لەگەڵ ناسنامەکەیان.

## ئاسایش وەکو دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی

ئەگەر پێناسە کلاسیکییەکەی ئارنۆلد وێلفەرس (١٩٥٢) بۆ ئاسایش وەکو پارێزگاریکردن لە بەها سەرەکییەکانی گرووپێک وەربگرین، دەکرێت بپرسین کێ گرووپ دروست دەکات؛ بەها سەرەکییەکان چین؛ هەڕەشەکانی سەر ئەو بەها سەرەکیانە لە کوێوە سەرهەڵدەدەن؛ هەروەها چۆن دەتواندرێت پارێزگاریکردنی بەها سەرەکییەکان بەدیبهێندرێت. کۆنستراکتیڤیستەکان باوەڕیان وایە وەڵامی ئەو پرسیارانە بە گوێرەی بەستێنە جیاوازەکان دەگۆڕێت، دەوەستێتە سەر کارلێکینێوان ئەکتەرەکان لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەمە لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراوەوەیە ئاسایش مانا وەردەگرێت و بنەماکانی دادەڕێژرێت، دواجار کۆمەڵێک کۆد و زاراوەی کۆنکرێتی دەربارەی ئاسایش دێتە ئاراوە (ماکدۆناڵد، ٢٠١٣: ٦٥). روانینی کۆنستراکتیڤیزم بۆ بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتیمانی پێچەوانەی تیۆرەکانی ریالیزم و لیبراڵیزمن. ئاسایش وەکو هەقیقەتێکی بابەتەکی objective) (truthسەیر ناکرێت کە لەسەر ئاستێکی گەردوونیەوە وەک یەک راست بێت بۆ هەمووان. هەروەک جوتا وێلدس (١٩٩٩: ١٠) پێیوایە بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتیمانی کۆمەڵایەتیانە دروست دەبێت وەکو بابەتێکی مانادار لە دەرەوەی ستاندارده گەردوونییەکان، بەتایبەت لە سیستەمی نێونەتەوەیی و پێگەی وڵات لە نێو ئەو سیستەمەدا. بۆئەوەی لە لێککارییەکانی مرۆڤەکان هەروەها لێککارییەکانی وڵاتەکان لە جیهانی سیاسەتدا تێبگەین، پێویستمان بە جۆری دیکەی تێگەیشتن لەو لێککاریانە دەبێت لەسەرووی

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

وێناکردنێکی سادەی ئەو پرۆسانە وەکو چۆن ئێمە وەسفی دیاردەیەکی ماددی دەکەین (مۆریسۆن، ١٩٩٥: ٢٧٣-٨٢.(

بەمشێوەیە کۆنستراکتیڤیستەکان هەڵدەستن بە ناوەخۆییکردن و کۆمەڵایەتیکردنی ئاسایش. لە جێگەی ئەو تێگەیشتنەی پێیوایە وڵاتەکان بەرژەوەندی نەگۆڕیان هەیە، ئەوان کار لەسەر چۆنیەتی هاتنە بوونی ئەو بەرژەوەندییانە دەکەن لە یەکەم هەنگاودا. کارین فایرک (٢٠٠٧: ٥٦) پێیوایە دروستکردنی شتێک بریتییە لە کردارێک بکەرەکان دەیهێننە بوون ئەگەر نا بوونیان نابێت. مانای ئەوە نییە کۆنستراکتیڤیستەکان پێیان وابێت شتێک نییە بە ناوی 'ئاسایش' یاخود 'بەرژەوەندی'، بەڵکوو کۆنستراکتیڤیستەکان مەیلی رەتکردنەوەی پێناسەیەکی گەردوونی و ڕووت و دەرهەستی ئاسایشیان هەیە. پێیان وایە ئاسایش لە دەرەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا نییە و روانگە جیاوازەکانی ئاسایشیش لە دەرەنجامی زیاتر لە شێوازێکی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدەن (کۆلدۆدزیج، ٢٠٠٥: ٢٦١). تێد هۆپف (١٩٩٨: ١٩٤)، بۆ نموونە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئاستەمە باس لە بنەما و ستانداری جیهانی بکرێت سەبارەت بەوەی چی شتێک دەبێتە هۆی ناساندنی پرسێک یا روداوێک وەکو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکان لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا. هۆپف پێیوایە سەرکردە سیاسییەکانی وڵاتەکان وێنای وڵاتانی دیکە دەکەن وەکو 'هاوڕێ' یا 'دوژمن' لەسەر بنەمای ناسنامەی خۆیان، لەسەر بنەمای ئەو ژینگە و بەستێنە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پێیدا تێدەپەڕێت و شەرعیەت وەردەگرێت.

لە جێگەی کار کردن لەسەر تەرخان کردنی پێناسەیەکی دەرهەست و گەردوونی ئاسایش، کۆنستراکتیڤیستەکان پێیان باشترە کار لەسەر ئەوە بکرێت چۆن ئاسایش مانای خۆی وەردەگرێت لە نێوان ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتیانەدا و وە شیکردنەوەی ئاکامەکانی ئەو مانا وەرگرتنە لە مومارەسە و پیادەی سیاسەتدا. لە دەرخستنی شێوازی ماناوەرگرتنی ئاسایش، کۆنستراکتیڤیستەکان دووپاتی دەکەنەوە ئاسایش جێگەی گفت و گۆکردنە لە نێوان سەرکردە سیاسییەکان و خەڵک، هەروەها جێگەی ناکۆکییە لە نێوان ئەکتەرە جیاوازەکان کە روانینی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو بەهایانەی دەبێت بپارێزرێت و وە چۆن دەبێت کردار بنوێندرێت لە بارەیانەوە (ماکدۆناڵد، ٢٠١٣: ٦٧.(

لە لای ریالیستەکان، ئاسایش لە لایەن دەستەبژێرەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، وە گفتوگۆی نێوان هستەبژێر و جەماوەر، بەریەککەوتنی نێوانیان، وە ئەو زمانە و گوتارەی دەسەڵات هەڵیگرتووە بایەخێکی زۆری پێنادرێت. لەبەرامبەردا، کۆنستراکتیڤیستەکان رەخنە لەو بۆچوونە دەگرن و دەست بۆ گرینگیی پشتگیری و داواکاری خەڵک دەبەن لە بەرامبەر گوتارەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدار. بە شێوەیەکی گشتی، کۆنستراکتیڤیستەکان پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و جەماوەر لە چەندین رێگای جۆراوجۆرە دەبینن. بۆ نموونە، کارین فایرەک لە کتێبی گۆرانی یارییەکان، گۆڕانی ستراتیژییەکان لە ساڵی ١٩٩٨دا، باس لە گرینگیی (یاری زمانەوانی)، پێشنیاز دەکات سیاسەتی ئاسایش بۆ ئەوەی لۆژیکی بێت دەبێت لە چوارچێوەیەکدا دابڕێژرێت قابیلی لێتێگەیشتن بێت، وە چوارچێوەکانی ئاسایش

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

و ستراتیژیەتی نەتەوەیی گۆڕانکارییان بەسەردادێت هەر کاتێک بەستێنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان گۆڕانیان بەسەردا هات.
کاتێ گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی رۆڵی پشتگیری خەڵک و هەل و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان گرینگە لە دروستکردنی سیاسەتی ئاسایش و نواندنی کردارێکی سیاسی، ئەوە خودی ئاسایش دەبێتە جێگەی ناکۆکی. چونکە ئەکتەرە بەشداربووەکان لە پرۆسەی دروستکردنی ئاسایشدا هەوڵدەدەن جێگەیەک بۆ بۆچوونی خۆیان لە نێو ئەو پرۆسەیەدا بکەنەوە. لە جەنگی داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣دا، زۆرێک لە خوێندنەوە کۆنستراکتیڤیستییەکان دەستیان بۆ بزۆزییەکانی ناکۆکی لە نێوان وڵاتەکان لەسەر ئەو پرسە دەکرد. ئەو شیکردنەوانە بە تایبەتی کاریان لەسەر پرۆسەی بەکارهێنانی گوتار و نارەتیڤی پەیوەنددار بە ناسنامەی نەتەوەییەوە لە لایەن بڕیاردەرانی سیاسەتی ئاسایشی وڵات دەکرد بۆ رازیکردنی جەماوەر بۆ چوونە نێو ئەو جەنگەوە.

## پێکهاتە(بونیاد) و بکەرەکان

کۆنستراکتیڤیستەکان پێناسەی بونیاد-پێکهاتە لە میانەی پرۆسە، کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مانا هاوبەشەکانەوە دەکەن. رەتی گریمانە باوەکەی نیورياليستەکان دەکەنەوە لەسەر ئەوەی بەرژەوەندی و کردارەکانی وڵاتان بەتەنها بەستراوەتەوە بە ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی، کە ئەمیش گوزارشتە لە 'ئەنارکی'. ئەلێکساندەر وێندت بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیۆری کۆنستراکیڤیزم دادەنرێت، پێیوایە بەرژەوەندی خۆویستیانەی وڵاتەکان دەرەنجامی هەل و مەرجی پشێوی و ئەنارکی نین، بەڵکوو لە جێگەی ئەودا 'ئەنارکی بریتییە لەو دۆخەی وڵاتان دروستیان کردووە "anarchy is what states make of it" )وێندت، ١٩٩٢: ٣٩٥).
پێکهاتە-بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەیە، نەوەک لە مێشکی ئەکتەرەکاندا یا لە توانا سەربازییەکانیان، بەڵکوو لە پراکتیکدا. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تەنها لە نێو پرۆسەکاندا بوونی هەیە. جەنگی سارد بریتی بوو لە مەعریفەتێکی هاوبەش حوکمی پەیوەندییەکانی زلهێزەکانی دەکرد بۆ چل ساڵ، بەڵام کاتێ زلهێزەکان وازیان لەو کردارانەی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە هێنا، جەنگ کۆتایی پێهات (وێندت، ١٩٩٥: ٧٤.')
تێگەیشتنی سیستەمی نێودەوڵەتی وەکو دۆخی و لۆژیکی جیهانی خۆڕێن، هیچ رەگ و ریشەیەکی نییە (وێندت، ١٩٩٩: ٢٤٩). لای وێندت هیچ مەرجێکی ئەبەدی و حەتمی لەسەر سنووردارکردنی بەرژەوەندی و کردارەکانی وڵات لە سیستەمی نێودەوڵەتی بوونی نییە.
بە سوود وەرگرتن لە کاری سۆشیۆلۆجیستەکان، بە تایبەت ئەنتۆنیۆ گیدێنز، وێندت پێیوایە بکەرەکان (بۆ نموونە دروستکەرانی بڕیار) دەتوانن کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی هەر پێکهاتەیەک بکەن و داواجاریش بیگۆڕن. ئەو مانایەی وڵات بە دۆخی ئەنارکی دەیبەخشێت بریتی نییە لە رەنگدانەوەیەکی سادەی ناڵامادەیی دەسەڵاتی باڵا لە سیستەمی نێونەتەوەییدا، بەڵکوو لە ئاکامی کارلێکی  پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان وڵاتەکان لە نێو ئەو سیستەمەدا دروست دەبێت (ماکدۆناڵد، ٢٠١٣: ٦٩ ).

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

دۆخی ئەنارکی بە شێوەیەک خۆی دەردەخات کە هانی وڵاتان بدات بیر لە مانەوە و پشتبەستن بە خۆیان بکەنەوە. بۆچوونی ئەوەی ململانێی هێز خەسڵەتێکی حەتمی جیهانی سیاسەتە (یەکێکە لە گریمانە بەهێزەکانی ریالیستەکان)، لە روانگەی کۆنستراکتیڤیستەکان گریمانەیەکی کێشەئامێز و نارەسەنە. بەڵکوو وڵاتەکان لە رێگای پیادەکانیاندا، دەتوانن ئەو کلتوری ئەنارکییە و خەسڵەتی ململانێ و کێبڕکێی ئاسایشە بهێڵنەوە یا نەیهێڵن. ئەلێکساندەر وێندت نکۆڵی لەوە ناکات ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی بە تەنها رەگەزی هزری لە خۆ بگرێت، بەڵکوو هەردووک رەگەزی مادی و هزری رۆڵی گرینگ دەبینن، بەڵام دواجار ئەوە رەگەزە هزرییەکانن جۆرە دابەشبوونێکی دیاریکراوی هێز و دەسەڵات بەرەو ململانێ دەبەن یا نا.

'ئەنارکی بەوشێوەیە هۆکارێکی سەرەکی هیچ شتێک نییە. ئەوەی جێگەی بایەخە بریتییە لە ساختاری کۆمەڵایەتی کە چەندین جۆری هەیە لە نێو ئەنارکییەکان. ئەنارکی هاورێکان جیاوازە لەگەڵ ئەنارکی دوژمنەکان، وە ئەوانەش جیاوازن لە ئەنارکی پشت بەستن بە خود لەگەڵ ئەنارکی پشت بەستن بە ئاسایشی کۆیەکی، هەروەها هەموو ئەوانە لە لایەن ساختارەکانی مەعریفەتی هاوبەشەوە دروستبوونە' (وێندت، ١٩٩٥: ٧٨).

هێزە مادییە دەرهەست و ڕووتەکان بەتەنها ناتوانن بونیان هەبێت و بێنە قسە؛ ناتوانن کێشەی دووسەرەی ئاسایش دروست بکەن. هێز و بەرژەوەندی ناکرێت بەتەنها کوورت بکرێتەوە بۆ هێزێکی ماددی پوخت. بیرۆکەی ئایدیاکان کە فۆرمێکی هێزن، وە هێز زیاترە لە هێزێکی پوخت، هەروەها بیرۆکەی پەیوەندیی نێوان هێزە ماددی و خیتابییەکان (discursive)بەر لە کاری کۆنستراکتیڤیستەکانیش قسەیان لەسەر کراوە. دارشتنی میشیل فۆکۆ بۆ هاوکێشەی هێز/مەعریفەت، تیۆری هەژموونی ئایدۆلۆجی ئەنتۆنیۆ گرامشی، جیاکردنەوەی سەپاندن لەگەڵ دەسەڵات لای ماکس ڤێبەر هەموو ئەوانە پیشوەختە باسیان لە روانگە و پێگەی کۆنستراکتیڤیستیانەی هێزیان لە ژیانی سیاسیدا کردووە (هۆپف، ١٩٩٨: ١٧٧).

پەیوەندیی نێوان بونیاد-پێکهاتە و بکەرەکان، کۆنستراکتیڤیستەکانی گەیاندە ئەو دەرەنجامەی 'گۆڕان' لە پیادەیەکردنی ئاسایشدا، لە ئەولەویاتی ئاسایشی وڵاتەکان کارێکی مومکینە، وە گۆڕانکاری لە بونیادەکانی سیستەمی نێونەتەویی مومکین دەبێت هەر کاتێک بکەرەکان خواستی گۆڕانکارییان هەبێت. بەو شێوەیە هیچ گریمانەیەکی ئەبەدی نییە لەسەر چۆنیەتی سروشتی ئاسایش، بەڵکوو سروشتی ئاسایش دەوەستێتە سەر پیادەی کۆمەڵایەتی بکەرەکان.

## ناسنامە: ئاسایش و بەرژەوەندییەکان

پرسی ناسنامە و رۆڵی ناسنامە لە دروستکردنی ئاسایشدا پرسێکی فراوان و بەردەوامە. دەکرێت لێرەدا باس لە هەندێک لەو کارانە بکەین. دانا ئایر و مارک سوچمان (١٩٩٦: ٧٥) دەگەنە ئەو دەرەنجامەی وڵاتەکانی جیهانی سێیەم بۆ کۆنترۆڵکردنی پێداویستی ستراتیژیەتی واقیعییانە، پەنا بۆ چەند سیستەمێکی چەکی دیاریکراو لەجێگەی چەند جۆرێکی دیکەدا

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

دەبەن، ئەمەش لەبەر تێگەیشتنی ئەو وڵاتانە لەسەر ئەوەی چی شتێک مانای (هاوچەرخ)بوون دەگەیەنێت لەو سەردەمەدا. پیتەر کاتزنێشتین (١٩٩٦) کتێبێکی لە سەر ڕۆڵی نۆرم و ناسنامە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی ئامادە کرد، یەکێکە لە باشترین ئەوکارانەی کە تیایدا بیرکردنەوەیەکی جددی لە پەیوەندیی نێوان ناسنامە و سیاسەتی دەرەوە خراوەتە روو. بەهەمان شێوە، جۆلیێت کاربۆ (٢٠٠٣: ١٥٥) راستەوخۆ بنەمایەکی بۆ تیۆرە ئەزموونگەرایی و تیۆرییەکانی کۆنستراکتیڤیزمی لەسەر سیاسەتی دەرەوە دانا. هەروەها مایکل بارنێت (١٩٩٦: ٤٤٥) نیشان دەدات چۆن ناسنامەی وڵات تێگەیشتنێک لە سەر بزۆزییەکانی هەماهەنگی ئاسایش و گرێدانی هاوپەیمانیەتی دروست دەکات. بارنێت دەنووسێت ناسنامە دروستکراوێکی نەگۆڕ نییە بەڵکوو کۆمەڵایەتیانە دروستبووە، ئەو پرۆسەی کۆمەڵایەتییە دروست بوونە دەکرێت بە باشی بەکار بهێندرێت بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەکانی هاوپەیمانیەتی و گۆڕانکاری، بە تایبەت کاتێک قسە لەسەر پرسە ئاسایشییەکان دەکرێت (١٩٩٦: ٤٤٧.(

'جیهان بە بێ ناسنامە جیهانێکی ئاژاوەییە، جیهانێکی نارۆشنی بەربڵاو و بێ چارەیە، جیهانێکە کە زۆر مەترسیدارترە لە ئەنارکی. ناسنامە سێ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە کۆمەڵگادا: بەتۆ و ئەوانی دیکە دەڵێت تۆ کێی و هەروەها بە تۆ دەڵێت ئەوانی دیکە کێن. بە گووتنی ئەوەی تۆ کێی، ناسنامەکان بە شێوەیەکی زۆر بەهێز کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لە بەرژەوەندی و بژاردەکان دیاریدەکەن.... (هۆپف، ١٩٩٨: ١٧٤-٥.'(

لەگەڵ ئەوەی هەموو کۆنستراکتیڤیستەکان هاوڕان لەسەر سێنترالێتی ناسنامە لە دروستکردنی ئاسایشدا، قوتابخانە و ڕوانگە جیاوازەکانی کۆنستراکتیڤیزم پەیوەندیی نێوان ناسنامە و ئاسایش بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەبینن. چەمکی ناسنامە لەسەردەمی جەنگی ساردا جێگەیەکی گرینگیی داگیرنەکردبوو. ریالیستەکان و لیبڕالەکان جەخت دەکەنە سەر بونیاد-پێکهاتە و ئەکتەرە راشنالیستەکان و هەروەها شیمانەی ئاسایشی وڵات دەکەن وەکو شتێک پێشوەختە وجودی هەبێت بێلایەنانە و وەکوو هەقیقەتێکی نەگۆڕ سەیر دەکرێت، یا زەرور نەبێت دەستی لێ بدرێت. ئەوە وایکردووە زۆرێک لە پرسیارە گرینگەکان بێ وەڵام بمێننەوە وەک بۆچی وڵاتەکان کاتێک رووبەڕووی هەمان ڕێبەستی بونیاد-پێکهاتەو دەرفەتەکان دەبنەوە، بەیەک شێوە وەڵامی نادەنەوە و هەڵسوکەوت ناکەن (یوان، ١٩٩٨: ٨٥). لە لای راشنالیستەکان، بەرژەوەندی وڵاتەکان بەرژەوەندییەکی ڕێکخراون؛ پێوستی مانەوە پێویستییەکی گەردوونی و بێ کۆتاییە. لەبەر ئەوە پەیوەندیی نێوان ناسنامە و بەرژەوەندی ڕۆڵێکی گەورەی پێنادرێت لە کاری ڕاشنالیستەکان. بەڵام، ئەو خوێندنەوەی راشنالیستەکان بۆ پەیوەندییەی نێوان ناسنامە و بەرژەوەندی لە زۆر ئاستەوە خەوشدارە. بە هەمان شێوە، بیرۆکەی بەرژەوەندییەکان بێلایەنن (objective) کێشەئامێزە.

کاتێک سیستەمی دوو جەمسەری کۆتایی پێهات، پرسیاری ئەوەی ئێمە کێین؟ هەروەها ئێمە چۆن سەیر دەکرێین لەلایەن ئەوانی دیکەوە؟ وەکو فاکتەرێکی گرینگ دەرکەوت و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی دەرەکی وڵاتەکان و پرۆسەی دروست کردنی سیاسەتی ناوەخۆیان بە جێ هێشتووە. بە پێی کات ناسنامەکان گۆڕانیان بەسەردادێت. بەبێ ئەزموونکردنی کارلێکی

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

کۆمەڵایەتی، ئەو سیفەتانە هیچ مانەیەکیان نییە. کۆنستراکتیڤیزم پێیوایە لە کاتی کارلێککردن لەگەڵ یەکدیدا، وڵاتەکان ناسنامەیەک بۆخۆیان پەیدا دەکەن و هەروەها ناسنامەیەک بە ئەوانی دیکە دەبەخشن. هەر لە دەرەنجامی ئەو کارلێکانە و پڕۆسەی ناسنامەپێدانەدا، ئەکتەرێک ئاشکرا یا نائاشکرا ئەولەویەت دەداتە سەر چەند پرسێکی دیاریکراو لەسەر پرسەکانی دیکە. تێبینی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە بەرهەمهێنەری ناسنامەکە توانای کۆنترۆڵکردنی ئەوەی نییە کە ناسنامەکەی دواجار چی دەگەیەنێت بۆ ئەوانی دیکە، بەڵکوو ئەوە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەکتەرەکانە خاڵی یەکلاکەرەوە دەبێت لە مانا پێدان بە ناسنامەی ئەوان و ناسنامەی خۆی (هۆپف، ١٩٩٨: ١٧٥). بۆ نموونە، تورکیا هەوڵی زۆر دەدا سیاسەتەکانی دەرەوەی وەکو هەوڵێک بۆ بونیادنانەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەرنەکەوێت، بەڵام لە پڕۆسە و لێککاریدا زۆرێک لە وڵاتەکان بۆیان دەردەکەوێت نیەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا چییە. بۆیە بەرژوەندی بە دوای ناسنامەوە دێت، هەروەها ناسنامە لۆژیکی چی شتێک گونجاوە (appropriateness) دیاری دەکات. ئەو جەخت کردنە لەسەر ناسنامە بۆ ڕەتکردنەوەی فاکتەرە ماددییەکان نییە، بەڵکوو تێگەیشتن لە گوتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێک دەوەستێتە سەر فاکتەرە مادی و هزرییەکان تا ئەو ڕادەیەی هەردووک نەتواندرێت لە یەک جیا بکرێنەوە. بەم شێوەیە ناسنامەکان پێویست دەبن لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و کۆمەڵگای ناوەخۆدا بۆ دڵنیابوون لە ئاستێک لە پێشبینی و سیستەم (هۆپف، ٩٩٨: ١٧٤).

گرینگیدان و پێزانینی پەیوەندیی ناسنامە بە ئاسایش لەلای کۆنستراکتیڤیستەکانەوە بووە هۆی گەیشتن بە گریمانەیەکی جەوهەری: فاکتەرە ناماددی و هزرییەکان بە گشتی سەنتەرن لە پراکتیزەکردنی ئاسایش و بزۆزییەکانی جیهانی سیاسەتدا. بونیاد و پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی تەنها لە توانا ماددییەکان پێک نەهاتووە، بەڵکوو لە ماناکانی نێوان بکەرەکانەوە. ئەوە ڕاستە بۆ هەردووک بەرژەوەندییەکانی وڵات و ناسنامەکانی، تیایدا ئەو بەرژەوەندییانە تەنها ناوەستنە سەر پێکهاتەی سیستەم بەڵکوو دەوەستنە سەر مانا کۆیەکییەکان. ئەوە مانا کۆیەکییەکانە ساختارەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی دروست دەکەن، وە دواجار ئەو ساختارانە ڕەفتار و کردارەکانی ئێمە ڕێک دەخەن (وێندت، ١٩٩٢: ٣٩٧). هێزە ماددییەکان تەنها لە ڕێگای کرداری مرۆڤەوە مانا بە دەست دەهێنن لە ڕێگای ساختاری مەعریفەتی هاوبەش تیایدا ئەو هێزە مادییانە بەرجەستە بوونە. بەوشێوەیە، توانا ماددییەکان هیچ شتێک ڕوون ناکەنەوە؛ کاریگەرییەکانیان دەچنە ژێر باری ساختارەکانی مەعریفەتی هاوبەش، کە جۆراوجۆرن و تەنها کوورت ناکرێنەوە بۆ تواناکان (وێندت، ١٩٩٥: ٧٣).

## نۆرم(NORM)

لە گرینگترین ڕەهەندە هزرییە نامادییەکانی جیهانی سیاسەت لە لایەن کۆستراکتیڤیستەکان بە گرینگەوە وەرگیرابێت بریتییە لە 'نۆرمەکان'. نۆرمەکان دەکرێت پێناسە بکرێن وەکو 'پێشبینیکردنێکی هاوبەش لەسەر هەڵسوکەوتێکی ڕەوا و گونجاوی ئەکتەرەکان لەگەڵ ناسنامەیەکی دیاریکراو' (ماکدۆناڵد، ٢٠١٣: ٦٥). نۆرمەکان بە شێوەیەکی گشتی ئەو

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

بەهایانەن ئاستێک لە پەسەندبوونیان هەیە، کۆمەڵێک ڕێ و شوێن و ستاندار بۆ گونجاوبوونی رەفتار و بڕیاری ئەکتەرەکان دادەنێت. جگە لەمەش، بەردەوامبوون لە سەر چەند نۆرمێک دەبێتە هۆی پێدانی ناسنامەیەک بە ئەکتەرێک.
'نۆرمەکان نەوەک تەنها یارییەکی دیاریکراو دادەمەزرێنن و ڕێگە بە یاریکەرەکان دەدەن بە دوای ئامانجەکانیان بگەڕێن لە نێوانیاندا، بەڵکوو نۆرمەکان چەند مانایەکی نێوبەریانەتی دەهێننە کایەوە کە ڕێگە بە ئەکتەرەکان دەدەن کرادەرەکانیان بەرەو یەکدی ئاراستە بکەن، پەیوەندیی بکەن لەگەل یەکدی، ستایشی جۆری کردارەکانیان بکەن، رەخنە لە داواکان بگرن و پاساو بۆ هەڵبژاردنەکان بهێننەوە' (کراتوچۆیل، ١٩٩٣: ٧٥-٧٦.(
نۆرمەکان بۆیە گرنگن چونکە کۆمەڵێک سنوور و ڕێکار لە بەرامبەر چەند سیاسەتێکی دەرەوەی وڵاتەکان لە کاتی بیرکردنەوە لە پاراستنی ئاسایشی وڵات دروست دەکەن. ئەو جۆرە سنوردانانە جیاوازن لەو هەڵسەنگاندنە سادەیەی لەسەر چوارچێوەی ماددی و ستراتیژییەکان هەیە کە پێشنیازی شێوازی هەڵسوکەوتی وڵاتێکی دیاریکراو لەسەر پرسێکی ئاسایشی دیاریکراو دەکەن. لێرەدایە نۆرمەکان وەکو ڕێسایەک دەردەکەون بۆ ناساندنی ناسنامەی ئەکتەرێک، بەو شێوەیە نۆرمەکان رۆڵی دروستکەر دەبینن. لە هەندێک حالەتی دیکەدا نۆرمەکان وەکو یاسایەک دەبیندرێن، وە چۆنیەتی کارێکی گونجاو بۆ ناسنامەیەکی ئەکتەرێک دەستنیشان دەکات (ڤایۆتی و کاوپی، ٢٠١٠: ٢٨٤-٥). لە ڕوانگەی کۆنستراکتیڤیستەکاندا، نۆرمەکان دەکرێت ناوەخۆیی یا نێونەتەوەیی بن. کاتێک نۆرمەکان وەکو باوەڕێکی سەرەکی دەبیندرێن (بۆ نموونە پشتگیریکردنی بەدیموکراسیکردن، مافەکانی مرۆڤ، هتد...)، وا لە وڵاتەکان دەکەن لەهەندێ حالەتدا دووبارە بە ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بچنەوە. لەبەر ئەوە لە سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتانێکی وەکو ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا کۆمەڵێک بەها و نۆرم وەکو پرسێکی ئاسایشی نیشتیمانی دەبیندرێت. توێژینەوەکەی جنێفەر میتزن بەناوی ئاسایشی وجودی لە جیهانی سیاسەت: ناسنامەی دەوڵەت و کێشەی دووسەرەی ئاسایش لە (٢٠٠٦)؛ یەکێکە لەو کارانەی زۆر بە وردی کاریگەری چەند نۆرمێکی لەسەر پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دیاری دەکات. ئاماژە بەوە دەکات حکومەتە نوێیەکانی ئەو دوو وڵاتە سەربەخۆ نین لەوەی دەبێت چی شتێک بە گونجاو بزانن. بەردەوام درێژە بەو ناکۆکییە و نادڵنیاییە دەدەن کە پێشتر دروست بووە، چونکە بووەتە رۆتینێک، بووەتە نۆرمێک رەفتارەکانی ئەکتەرەکانی هەردوولای پێشوەختە دیاری کردووە.

## دەرەنجام

ئایا کۆنستراکییڤیزم شێوازێکی دیکەی باشتر بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان پێشکەش دەکات؟ کۆنستراکتیڤیزم نوێترین قوتابخانەی تیۆری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشە. بنەمای سەرەکی کۆنستراتیڤیزم بریتییە لە دروست بوونی کۆمەڵایەتییانەی ئاسایش. ئەو ڕوانگەیە کۆنستراکتیڤیزمی بە تەواوی لە هەردوو تیۆرە باوەکەی ئاسایش جیاکردەوە. کۆنستراکتیڤیزم رەتی ئەوە دەکاتەوە کێشەکانی ئاسایش تەنها

# سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

پەیوەندییان بە فاکتەرە ماددییەکانەوە هەبێت، بەڵکوو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە گرنگە کە دەوڵەتێک وەکو هاوپەیمان و هاورێ، وە یەکێک وەکو دوژمن و تیرۆریست دەناسێنێت. ئەو تێگەیشتنە رادیکاڵە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، دەرگایەکی زۆری بۆ توێژەرەکانی بواری ئاسایش کردەوە بە مەبەستی پێداچوونەوە بە کۆمەڵێک چەمک کە تا ئەو کات بێ کێشە سەیر کرابوون .

لەگەڵ ئەمەشدا، تا ئێستا کۆنستراکتیڤزم نەبووەتە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان و چەمکەکانیشی نەبووەتە جێگەی گوتوێژی گشتی. هەروەها تیۆریزانەکانی ئەو بوارە رووبەرووی رەخنەی ئەوە بوونەتەوە کە کەمتوانان لە وێناندنی conceptualise ئەو ئەکتەرەی دەبێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بۆچی چەند ئایدیایەکی دیاریکراو دەبنە بەشێک لە کۆی ساختارێک بەڵام ئایدیاکانی دیکە نابن؟ ئەگەر کۆنستراکتیڤزم دەتوانێت پەیوەندیی سەبەبی نێوان ناسنامە و بەرژەوەندییەکان روون بکاتەوە، وە چۆن ئەو پەیوەندییە کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئاسایش لە بیری ئەکتەر و بکەرەکان لە پەیوەندییەکانی دوولایەنەیان و کردار و پیادە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەوا دەتوانێت کۆمەکێکی زیاتری لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بکات.

چونکە زۆرێک لە تیۆریزانەکان پشت بە تیۆر دەبەستن لە پێناو پێشبینیکردنی ئایندە، بەشێوەیەک تیۆر دەبێت توانای ئەوەی هەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان ئایندە رۆشن بکاتەوە، بەڵام کۆنستراکتیڤیزم دەرگیر نییە لەگەڵ خوێندنەوە و پێشبینیکردنی ئایندە، چونکە خودی رێبازەکە پشت بە ناسنامەی وڵاتان دەبەستێت لە شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشدا، وە ناسنامەی وڵاتەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە. لەبەر ئەو هۆکارە زۆرێک پێیان وایە کۆنستراکتیڤزم تیۆر نییە. کۆنتراکتیڤیزم رووبەڕووی رەخنەیەک دەبێتە کە ناتوانێت جیهان ببینێت بەو شێوەیەی دەبێت وابێت، یا راستەقینەیە، بەڵکوو جیهان بەوشێوەیە دەبینێت کە بۆی دەردەکەوێت. لە راستیدا، کۆنستراکیيڤیستەکان بێ ئاگا نین لەو رەخنانە، بەڵکوو خۆیان رەتی هەر تیۆرێک دەکەنەوە بتوانێت پێشبینی ئایندە بکات، هەروەها رەتی هەبوونی تاکە جیهانێکی هەقیقی دەکەنەوە. لە جێگەی ئەودا، پێشنیازی رێژەگەری دەکەن لە دەرەنجامەکانیاندا.

لەگەڵ ئەو رەخنانەش، کۆنستراکتیڤیزم توانی گریمانە باوەکانی تیۆرەکانی کلاسیک و هاوچەرخی ئاسایش بخاتە ژێر پرسیاری جدییەوە و ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی بابەتی ئاسایش لە زۆر لایەنی جیاوازەوە. لە دوای روداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر و 'جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر' کۆنستراکتیڤیزم وەکو میتۆدێک توانی ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ تێگەیشتن لە رووداوەکان ئەویش لە رێگای کێشەرێژکردن و شیتەڵکردنەوەی ناسنامەی ئەکتەرەکان کە بوونەتە سەرچاوەی بەرژەوەندیی و سیاسەتەکانیان.